کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 23:59:58بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئازەرەكان دەمدوێنن      ئەحمەد دەشتی



هەرچەند دەكەم
نیە دەمێ دڵی شەیدام ئارام بگرێ
لەم هەوارە  بێ نەوایەم
برینانم سارێژ ببێ و خەم نەمگرێ
چی دەبینم نەزانین و كۆنە برینە
لە ئاسۆی دڵ دەردەكەون
ئازارەكان وا بەخەستی دەمدوێنن و
تارماییەكان سەردەكەون
هۆ وەڵاتە دڵدارەكەم
دەبێ كەی بێ تۆش لە جیهان
سەربەخۆبی و ئازاد ببی
لە ناو بچن گشت  نەیاران
زۆر دەمێكە دوژمنانم دڕندانە
چنگیان سورە بەخوێنی من
خەراپكاری و ماڵوێرانی و بێ مافی ژین
بۆیتە هاوڕێ  و  ئازاری من
چەند دەڕوانم  لەم  مەڵبەندە بێ نەوایەم
وەدی ناكەم  ڕۆناكیێ دڵم شاد كا
چی دەبینم هەر گریانە و
زامەكانم قولتر دەكا
ئەی وەلاتە خەمبارەكەم
دەبێ كەینێ، تۆش بەڕاستی پێشبكەوی
وەكو خاكی هەموو گەلان

دواكەوتن جێ بهێلی و سەربكەوی

بۆچی فێر بووین لە نەیاران

چی کە خەراپە بۆ خۆ وابین

دوژمنانمان سەربخەین و

دژ بە خۆیی و سەرکەتنی زانستی بین

هەتا ئێستاش وەرمان نەگرت

پەندی ژیان لەم جیهانە

بە هۆی دەستی ناپاكیی و بەدكارانم

هەر ماینەوە لەم گریانە

زۆر دەمێكە نەزانین و دەستی قرێژ

لە ئارایە و هەوکی گرتووم

وا خەریکە دەمخنکێنێ و

لەم جیهانە دوای خستووم

بەسە وەرن کێ بەدکارە

با توریدەین دەستی ببڕین

لە گەل دوژمن سازش نەکەین

سەری پەست و

گشت خائین و

دوژمنانمان لە میخ ببڕین

هەولێر 1.5.2007